# کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مۆدێرنیتە لەسەر ئەدەبیات

ئەشکان باوەڕ
(سلێمانی)

مۆدێرنیتە وەک دیاردەیەکی جیهانیی مێژوویی و فیکری، گۆڕانی قووڵی لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کولتووری و هونەری و کۆمەڵگەکاندا دروست کردووە. ئەم ڕەوتە کە لە سەدەی حەڤدە لە ئەورووپا دەستی پێکرد و لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا بە جیهاندا بڵاو بووەوە و تێڕوانینی مرۆڤی بۆ جیهان و ڕاستی و کات، تەنانەت خودی مرۆڤیش گۆڕی. ئەدەبیاتیش وەک ئاوێنەیەکی ڕۆحی سەردەم وابوو کە بەتوندی کەوتە ژێر کاریگەریی مۆدێرنیتەوە. ئەم کاریگەرییە هەم لایەنی ئەرێنی لە گەشەی داهێنان و ئازادی ڕادەربڕیندا هەبووە و هەم لایەنی نەرێنی لەسەر لەدەستدانی نەریت و کولتووردا هەبووە.

### ١- کاریگەرییە ئەرێنییەکان

#### ١- ئازادی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین

یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی مۆدێرنیتە، جەختکردنەوە لەسەر تاکگەرایی و ئازادی بیرکردنەوە بوو. ئەم بەهایانە ڕێگەیان بە نووسەران و شاعیران دا کە لە کۆت و بەندەکانی سانسۆری نەریتی و ئایینی ڕزگاریان بێت و بە ئازادی ڕوانگەی کەسی و ڕەخنەیی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەرببڕن. لە ئەنجامدا ئەدەب لە فۆرمی ئەخلاقی و تەقلیدی دوورکەوتەوە و بوو بە گۆڕەپانێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەزموونی تاکەکەسیی مرۆڤی مۆدێرن.

#### ٢- داهێنان لە فۆرم و زماندا

مۆدێرنیتە بە جەختکردنەوە لەسەر داهێنان و دوورکەوتنەوە لە ڕابوردوو، گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە شێوازە ئەدەبییەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا.

لە شیعردا بەیتی ئازاد جێگەی کێش و سەروای گرتەوە؛ لە چیرۆکی خەیاڵیدا، گێڕانەوەی هێڵی و یەک بابەتی گۆڕا بۆ گێڕانەوەی تێکەڵاو و عەقڵی. نووسەرانی وەک جەیمس جۆیس، فرانز کافکا، لە گرنگترین کەسایەتییەکانن کە ئەم گۆڕانکارییانە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

**٣- فراوانکردنی نیگەرانییە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکان**

ئەدەبی مۆدێرن ئیتر تەنیا لە بارەی خۆشەویستی و بەسەرهاتەکانەوە نادوێت، بەڵکوو لەگەڵ قەیرانی شوناس و تەنیایی و بێمانایی و نامۆبوونی مرۆڤ لە جیهانی پیشەسازیدا مامەڵە دەکات. ئەم ڕێبازە قووڵی و ئاڵۆزییەکی زیاتری بە بەرهەمە ئەدەبییەکان بەخشیوە. بۆ نموونە بەرهەمەکانی ئەلبێرت کامو ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەم نیگەرانیانەن.

**٢- کاریگەرییە نەرێنییەکانی مۆدێرنیتە لەسەر ئەدەب**

**١- دوور کەوتنەوە لە نەریت و ناسنامەی کولتووری**

یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتە دوورخستنەوەیە لە ڕەگ و نەریتە کولتوورییەکان. لە ئەنجامدا زۆر لە بەرهەمە ئەدەبییە مۆدێرنەکان پێوەندییان بە میراتی ڕەسەن و ئایینییەوە نەماوە. ئەم پرۆسەیە هەندێک جار بووەتە هۆی جۆرێک لە بێ ناسنامەیی، یان لاساییکردنەوەی مۆدێلی ڕۆژئاوایی، بە تایبەت لە کۆمەڵگە غەیرە ڕۆژئاواییەکان کە مۆدێرنیتەیان وەک هاوردەیەک ئەزموون کردووە.

**٢- قەیرانی مانا و بەها مرۆییەکان**

ئەدەبیاتی مۆدێرن لەپاڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیادا شاهیدی دارمانی بیروباوەڕی ڕەها و لاوازبوونی بەها ئەخلاقییەکان بووە. پاڵەوانەکانی ئەدەبی مۆدێرن زۆرجار مرۆڤی تەنیا و سەرلێشێواو و نائومێدن؛ کەسانێک کە لە جیهانێکی بێمانادا بەدوای مانایەکی ونبوودا دەگەڕێن، هەرچەندە ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ڕوحی سەردەمە، بەڵام دەتوانێ ببێتە هۆی جۆرێک لە ڕەشبینی و نیهیلیزم لە ئەدەبدا.

**٣- بازرگانیکردنی ئەدەب**

لەگەڵ فراوانبوونی پیشەسازی چاپ و ڕاگەیاندنی گشتی لە سەردەمی نوێدا، ئەدەبیات لە گۆڕەپانی بیرکردنەوە و جوانکارییەوە گۆڕا بۆ کاڵایەکی کولتووری. زۆر لە بەرهەمەکان، لەبری ئافراندن و بیرکردنەوەی هونەری، بۆ ڕاکێشانی بینەرێکی گەورەتر و فرۆشی زیاتر بەرهەم دەهێنرێن. ئەم ڕەوتە هەندێک جار بووەتە هۆی ڕووکەشبوونی ناوەرۆک و دابەزینی کوالیتی ئەدەبیاتی هاوچەرخ و بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبی بێ سوود، تەنانەت زیانبەخش بە کۆمەڵگە.

ئەدەبیاتی کوردییش وەکوو هەموو ئەدەبیاتی جیهان کەوتە ژێر کاریگەرییەکانی مۆدێرنیتەوە و کاتێک بۆ ماوەی چەندان سەدە لە چوارچێوەی نەریت و ئایین و داستان و شیعری زارەکیدا گەشەی کردبوو، لەگەڵ هاتنی مۆدێرنیتە سەبارەت بە شوناس، زمان، ئازادی، تاکایەتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و.. ڕووبەڕووی پرسیاری نوێ بووەوە؛ لە درێژەی ئەم باسەدا لەسەر کاریگەرییەکانی مۆدێرنیتە لەسەر ئەدەبی کوردی دەدوێین.

## کاریگەری مۆدێرنیتە لەسەر ئەدەبی کوردی

مۆدێرنیتە، وەک دیاردەیەکی جیهانی کە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و بڵاوبوونەوەی زانست و عەقڵانییەت و تاکگەراییدا بوو، دواتر لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا گەیشتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە. ئەم دیاردەیە نە تەنیا گۆڕانکاری لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا نەکرد، بەڵکوو ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی قووڵ گۆڕی.

ئەدەبی کوردی کە چەندان سەدە لە چوارچێوەی نەریت و ئایین و داستان و شیعری زارەکیدا گەشەی کردبوو، لەگەڵ هاتنی مۆدێرنیتەدا سەبارەت بە شوناس، زمان، ئازادی، تاکایەتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی پرسیاری نوێ بووەوە.

**١- کاریگەریی ئەرێنی مۆدێرنیتە لەسەر ئەدەبی کوردی**

**١- سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی مۆدێرن**

یەکێک لە گرنگترین دەرەنجامەکانی مۆدێرنیتە

گۆڕینـی ئەدەبـی زارەکـی بـوو بـۆ ئەدەبـی نووسـراو. لەگەڵ بڵاوبوونـەوەی چاپەمەنی و پـەروەردەی مۆدێرن، شـاعیران و نووسـەرانی کـورد توانییـان بەرهەمەکانیـان تۆمـار بکـەن و بـڵاوی بکەنـەوە. لـە کۆتایـی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە کەسـایەتییەکانی وەک گـۆران، عەبدوڵـڵا پەشـێو و شـێرکۆ بێکـەس ڕەوتـی ئەدەبـی کوردییـان لـە نەریتـی کلاسـیکییەوە بـۆ شـیعر و نووسـینی مۆدێـرن گـۆڕی.

شـیعری گـۆران بـە تایبەتـی، خاڵـی وەرچەرخـان بـوو لـە شـیعری کوردیـدا؛ بـە کێـش و سـەروای کلاسیک شکا و چەمکی کۆمەڵایەتـی و مرۆیـی نوێـی خستە نـاو شـیعرەوە.

**٢- فراوانبوونی هۆشیاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی**

مۆدێرنیتـە چەمکەکانـی وەک نەتـەوە، ئـازادی، مافـی مـرۆڤ و دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی لەگەڵ خۆیدا هێنـا. ئەدەبـی کـوردی لە سـەدەی بیسـتەمدا بوو بـە ئامرازێکی بەهێـز بـۆ بەئاگاهاتنـەوەی نەتەوەیـی و کولتـووری. نووسـەران و شـاعیران لـە ڕێگـەی بەرهەمەکانیانـەوە دژی کۆلۆنیالیـزم و سـتەمکاری نەتەوەیـی و جیـاکاری کۆمەڵایەتـی هاتنـە دەنـگ. شـیعری شـێرکۆ بێکـەس و عەبدوڵـڵا پەشـێو نموونـەی بەرچـاوی ئـەم جـۆرە ئەدەبیاتـە پابەنـد و سـەردەمیانەن.

**٣- هەمەچەشنی لە ژانر و زماندا**

مۆدێرنیتـە ژانـری نوێـی وەک ڕۆمـان، کورتـە چیرۆک، شـانۆنامە و وتـاری هێنایە نـاو ئەدەبیاتی کوردییـەوە. ئـەم پێشـهاتە ئاسـۆی نوێـی بـۆ دەربڕینـی ئەزموونـی تاکەکسـی و کۆمەڵایەتـی کـردەوە، هەروەها نووسـەران هەوڵیـان دەدا زمانـی ڕۆژانـە و جەمـاوەر بەکاربهێنـن، بـۆ ئـەوەی ئـەدەب لـە قۆرخکاریـی بژاردە و شـاعیرانی کلاسیک ڕزگاری بێت.

**٢- کاریگەرییـە نەرێنییەکانـی مۆدێرنیتـە لەسـەر ئەدەبـی کـوردی**

**١- دوورکەوتنەوە لە نەریتە ڕەسەنەکان**

هاتنـی مۆدێرنیتـە، لـە هەندێـک حاڵەتـدا، بـووە هـۆی ئـەوەی ئەدەبیاتـی کـوردی خـۆی لـە میراتـی داسـتانی و عیرفانـی دوور بخاتـەوە. شـیعری مۆدێـرن هەندێـک جـار پێوەنـدی خـۆی لەگـەڵ مۆسـیقا و کێـش و گێڕانـەوەی زارەکیدا لەدەسـتدا. هەندێک لـە ڕەخنەگـران پێیـان وایـە ئـەم ڕەوتـە بووەتـە هـۆی نەبوونـی شوناسـی زمانەوانـی و ستایلیسـتی لـە بەرهەمەکانـی نـەوەی نوێـدا.

**٢- کاریگەرییە زۆرەکانی ڕۆژئاوا**

لـە قۆناغەکانـدا، بەتایبەتـی دوای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـوردوو، بەشـێک لـە نووسـەرانی کـورد هەوڵیـان دەدا لاسـایی مۆدێرنیزمـی ڕۆژئاوایـی بکەنـەوە، بەبـێ ئـەوەی تێگەیشـتنێکی قووڵیـان لـە چوارچێـوەی کولتـووری خۆیـان هەبێـت، ئەمـەش هەندێک جـار بـووە هـۆی پچڕانێک لـە نێوان ئـەدەب و کۆمەڵگـەی کوردیـدا، چونکـە بینـەری ڕەسـەن نەیتوانـی پێوەنـدی بـە زمانـە ڕەمزییـە ئاڵۆزەکـەی مۆدێرنیزمـەوە بگرێـت.

**٣- بە سیاسیکردنی لەڕادەبەدەری ئەدەب**

هەرچەنـدە ئەدەبیاتـی پابەنـد ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە هۆشـیاری نەتەوەییـدا هەبـووە، بـەڵام لـە هەندێـک قۆناغـدا، هەژموونـی گوتاری سیاسـی بەسـەر ئەدەبدا، داهێنانـی هونـەری و جوانـکاری کـەم کردووەتـەوە. زۆر لـە بەرهەمـەکان، لەبـری ئـەوەی لایەنـە مرۆیـی و هونەرییـەکان بخەنـە ڕوو، بوونەتـە تەنیـا ئامـرازی ناڕەزایەتـی سیاسـی.

مۆدێرنیتـە لـە دوو لایەنـەوە کاریگەریـی لەسـەر ئـەدەب بەجـێ هێشـتووە: لەلایـەک بـە کردنـەوەی ئاسـۆی نـوێ لـە فیکـر و زمـان و فۆرمدا، ئەدەبیاتـی بـۆ گۆڕەپانێکـی دینامیکـی و زینـدوو گۆڕیـوە؛ لەلایەکـی دیکەشـەوە بـە دروسـتکردنی پچڕانێـک لـە نەریـت و مانـا، جۆرێـک لـە ناسـەقامگیری کولتووری و شوناسـیی دروسـت کـردووە. ڕەنگە ئەرکـی نووسـەری هاوچـەرخ، دروسـتکردنی پردێـک بێـت لـە نێـوان ڕابـوردوو و داهاتـوودا لـە ناوەڕاسـتی ئـەم دووانەیـەدا؛ پردێـک کـە ناخـی مۆدێرنیتـە دەبڕێـت، بـەڵام ڕەگوڕیشـەی لـە مرۆڤایەتـی و کولتـووردا داکوتـاوە.